# ڕاوەستانێک لەئاست ڕاپەڕینی پارچەکانی کوردستاندا

خەتاب سابیر

هەڵوێستەیەکی سەرپێی و ڕاڕەویی لە ئاست ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ، ئەو پەیامە سادەیە دەدات بەگوێی هەموو ئازادیخوازێکدا کە کوردستان گەلێکی لەسەر دەژی ، هەموو گیانی ، کوتراوی دەستی داگیرکردن و زەوتکردنە،گەلی کورد سەلماندییەوە ئەوە بزووتنەوە جەماوەرییەکانی خەڵکە دەکرێ ببێتە هەوێنی هاودەنگیی و پشت ئەستووری بۆ بزووتنەوە سیاسییەکەی ، نەک سەرکردە سیاسییەکانی گۆڕەپانی حیزبیی و دەسەڵاتدارانی حیزبیی. ڕاپەڕینی جەماوەری زۆرلێکراوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم گەلە لە ترووسکاییەک دەگەڕێ کە دەروازەی تونێلێکی تاریکی پڕ لەستەم و چەوساندنەوە ببڕێ و بگاتە دەروازەی ئازادییەک کە خەونی لەمێژینەی گەلێکی چل وپێنج ملیۆنییە. گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا تەنها یەکێک لە سەدان دەرگای ئازادیی لەسەر کراوەتەوە کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خرۆشان و کەوتنە پەلاماری هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان.

ئەمجارەش وەکو پیشەی سیاسیی و دیبلۆماسیی، یەکێتی و پارتی ،لەسەرەتای قەسابخانەکانی قامیشلۆ و حەسەکەو شوێنەکانی تردا بێ دەنگییان هەڵبژاردو چاودێرێکی شەرمنۆک بوون ، چەند ڕۆژ دواتریش لەژێر فشاری جەماوەریی و میدیای سەربەخۆدا ، کەوتنە باسکردنی کارەساتەکان،بەڵام بەشێوەی هەواڵ و دەنگوباس، ، ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی لەسەرەتادا کەمێک جیاواتر بوو لەڕاگەیاندنەکانی میدیای عەرەبیی و تورکیی و ئێرانیی. پاش ئەوەی کە قەسابخانەکان درێژەیان هەبوو، گەلی کوردو دەیان ڕێکخراوی پیشەیی و سیاسی لە هەموو لایەکەوە پشتگیری خۆپیشاندەرانیان کرد، یەکێتی و پارتی چارەیەکیان نەما جگە لە ڕەدووکەوتنی ڕووداوەکان و خۆجووتکردن لە گەڵ شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەردا ، کە هێشتا هەر شایەنی دەستخۆشی لێکردنە کە کوردسات و کوردستان تیڤیان خستە خزمەتی هەڵماڵینی ئەو کوشتارگایانەوە.

پتر لە نیو سەدەیە ، سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەر خەریکی گەمەی سیاسییەو بە بیانووی جۆراوجۆرەوە لە کاتی جیاجیادا ، داکۆکیان لە داگیرکەرانی کوردستان کردووە،هەڵدانەوەی ئەو پەیوەندییە تووندوتۆڵانەی کە ئەم سەرکردایەتییەی بەستووەتەوە بە دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستانەوە لە فرت وفێڵ و خۆڵکردنەوە چاوی جەماوەری کوردەوە زیاتر شتێکی تری تیانییە، هەمووی چەند مانگێک لەمەوبەر بوو کە دەنگی سەرکردایەتی کورد لە دنیادا دەنگی دایەوە کە تیروپشکی کرد لە نێوان بەعسی سەددام و بەعسی ئەسەددا ، ئەو دەنگانەی کە گووتیان بەعسی سوریا بەعسێکی چەپەو بەعسێکی جیاوازە لە بەعسەکەی سەددام ، بەعسی سوریا بەعسێکی

پێشکەوتووخوازەو ئاسمان و ڕێسمان لە بەعسەکەی سەددامەوە دوورە ، نەک هەر وادەرنەچوو ، ڕێکورەوان پێچەوانەکەی هاتە دی . هەڵبڕینی وێنەی سەرکردە کوردەکانی باشوور و دروشم هەڵدان پیایاندا ، لە خۆشەویستی سەرکردایەتی سیاسیی کوردی باشوورەوە نییە، ئەوەندەی مەغزای سیاسیی خۆی لەپشتەوە مەڵاس دابوو، کوڕان وکچانی قامیشلۆ ویستیان بڵێن شەرم بتانگرێ سەرکردە کوردەکان وەرنە دەنگ لەسەرمان ، ویستیان بڵێن ئێمە بە پشتی ئێوەو هێزە سیاسییەکانی تری کوردستانەوە شەڕی بەعسییەکانی سوریا دەکەین، ویستیان بڵێن دڵمان بە ئێوە خۆشەو بەگورگان خواردمان مەدەن.

بەعسی عێراق و لەشکرەکە دڕندەکەی لە ساڵانی هەشتاکاندا ، تەقەیان لەخۆپیشاندەران دەکرد و ماڵی خۆپیشاندەران و خەڵکی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمیان لەگەڵ زەویدا تەخت دەکرد، بەعسییەکانی عێراق لە هەلومەرج و کات وشوێنێکی جیاواز لەم ڕۆژگارەی ئێستادا ڕەفتاری بەعسیانەیان دەکرد،بەڵام ئەی بەعسییە چەپەکانی سوریا لە کام هەلومەرجدا بەعسییانە تەقەدەکەن، ڕوانینی قووڵی ناوێ، سەددام لەسەردەمی شەڕی ساردو دوو بلۆکیدا و بە کەڵک وەرگرتن لە شەڕی عێراق –ئێران و بێ دەنگیی ڕۆژئاواو دەست لەپشتدانی دەوڵەتە زلهێزەکان، کەڵەگایی دەکردو هەمووی بۆ چووە سەر، بەڵام ئەی بەعسییەکانی سوریا لە ساتەوەختێکی زۆر نالەبەر و هەستیار بۆ ڕژێمەکەیان چۆن ئەم قەسابخانانەی قامیشلۆو حەسەکەو حەلەب دەخوڵقێنن؟. سەیری بکەن لەولاوە ئیسرائیل لێی گیر کردووە، ئەمریکا لەملاوە تەنگەتاوی کردووە، ئەسپی تەروادەی شۆڤینیزمی عەرەبی گلاوە،سەردەمی کلاسیکی دەمهەراشیی و نەڕەنەڕی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بەسەرچووە، تەواوی سەرانی عەرەب بەسەر کەوشی دەزگا جاسوسییەکاندا دەنووشتێنەوە بۆ ئەوەی نەکەونە بەر گوورزی ئەمریکا و پاشقوولی ئەمریکا ، کەچی ئەم هەموو هاوکێشە سیاسییە ئاڵۆزە دادی دەردی بێ کەسیی گەلی کورد نادات؟ و تەواوی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ و گڵۆباڵیزەیشن ئاهێکی فێنک ناکەن بەگەرووی ئەم گەلە خێر لەخۆ نەدیوەدا .

بەشاری لاو و بەعسی سوریا باش دەزانن کە کورد بەهەر نرخێک بووە دەبێت سەرکوت بکرێ ، چوونکە ڕژێمی بەعسی عەرەبیی سوریا لێی ڕوون وئاشکرایە کە کورد هەر پلیتەی ڕاپەڕینێکی جەماوەری نییە بەدەست هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە وەکو خۆیان و میدیا دەمدرێژەکانی عەرەبیی باسی لێ دەکەن ، بەڵکو دەبێتە دینەمۆی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی سەرتاسەریی کە چارەنووسی ڕژێمی ئەسەد لە چارەنووسی زڕبراکەیان لە عێراق نزیکتر دەکاتەوە. بۆ بەعسی سوریاو ڕژێمە نهێنگرەکەی زۆر گرنگە کە یاری بەکارتی دۆڕاوەوە نەکەن ،نەرمی نواندن لە ئاست خۆپیشاندەرانی کورددا بۆ ڕژێمی سوریا یانی چاڵهەڵکەنین بەدەستی خۆی ، بۆیە مەحاڵە وا بیربکرێتەوە کە سوریا ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیفانە دەکات بەقازانجی ڕەوشی کوردیی لە سوریادا، ئەم کارە دەبێ بە تۆبزیی بسەپێنرێ نەک بە مانۆڕی سیاسیی، تۆبزیی بەو مانایەی کە دەبێ گووشاری جەماوەریی و خەباتی سیاسیی هەرچی چروپڕتر بکرێتەوەو ئەم هەنگاوەی کەنراوە بۆ پێشەوە دەبێ هەنگاوی تری بەدواوە بێت و زیاتر لە لمبۆزی دەوڵەتی لاسار و عەسکەرتاریی بەعسییە چەپەکان

بچینه پێشەوە بۆ لێدانی هەرچی گوورزی کەمەر شکێنتر. نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ ، کە دەوڵەتی ئەمریکا بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی هیچ هەڵوێستێکی سیاسیی ڕۆشنی نەنواند لەئاست ئەو کارەساتانەدا ، ئەمریکا خەریکی گفتوگۆی ژێربەژێرە لەگەڵ سوریادا ، دەیەوێت کارتی کوردیش بکاتە کارتێکی گووشار بەسەر سوریاوە، کورد لەڕووانگەی ئەمریکادا نەک هەر ژمارەیەکی بەکەڵک نابێ لە هاوکێشەکاندا ،تەنانەت ژمارەیەکی بێ فەڕیش دەبێت ئەگەر ئەمجارەش وەکو دەیان جاری تر قووربانیی نەبێ لە تاوتوێ کردندا. بۆ سادەترین تاکیی کورد ئەوە سەلمێنرایەوە کە ئەمریکا ئەوە نییە پشتی پێ ببەسترێ ، تا بەرژەوەندی خۆی وەستابێت و خۆی مەبەستی نەبێت ، هەموو گەلی کوردیی ڕۆژئاوا قڕبکرێ مێشێک میوانی نییە .

گفتوگۆو دانوستان ، چۆن لەگەڵ ئەو عەقڵیەتە قەرەقووشییەدا دەکرێ ، کە لەساڵی 2004دا ، دوای لەگۆڕنانی ڕژێمە مافیاییەکەی بەعسی عێراق ، تازە بەتازە لەزمانی (الحاج احمد علي ) کە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆیە لە سوریا ، لە ڕێی کەناڵی ئەلجەزیرەوە ئەو پرپۆڵەیە ڕۆبکات بۆ گەلی عەرەب،کە بەکوردەکان بڵێی (الاكراد العرب) في سورية . ئایا ئەمە جەهلی نەزانینی سیاسەتە یان ، عەنتەریارتی ناسیۆنالیزمی ناخ تەنگ و مێشک پووچی عەرەبییە؟. ئایا ناسیۆنالیزمێکی دۆڕاو و تێهەڵدراو لە جیهاندا بەم شێوەیە بیر لە نەتەوەی ژێردەستی کورد بکاتەوە ،دەبێ بە چ شێوەیەک ئەگەر بۆی بلوێ سەری کورد پان بکاتەوە؟،چەند گەلێکی داماوین ، دوێنێ وێنەکانی حافز ئەلئەسەدمان گڕ تێ بەردەدا ، ئەمڕۆ بۆ ئارامکردنەوەی سەری خەیاڵی بەشارلئەسەد خۆپیشاندان دەکەین و وێنەکانیان بڵند دەکەینەوەو لەم ڕێگایەوە دەمانەوێ لای کەم داوای دادگایی ئەو بەعسییانە بکەین کە بەگوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە و سەرە زلەکانیش نەورووژێنین لە خۆمان لەئێستادا.

گەلی کورد بۆ سەدان جاری تر ئەوەی بۆ دووپات بووەوە کە ئەوە خۆیەتی گەلێکی دابەشکراوو و پارچەپارچەکراوە ،ئەوە خۆیەتی دەبێ لەسەر خۆی بەدەنگ بێ، ڕاپەڕینەکانی کوردستانەکان ئەو پەیامە ڕاستییەی دایەوە بە بیری هەموو ئەوانەدا ،کە گەلانی سەردەستی عێراق و ئێران و تورکیاو سوریایان بە دۆستی گەلی کورد دەزانی، هیچ کاتێک و بەهیچ کلۆجێ عەرەبێکی عێراقی نایات بەشداری نە شین و نەشایی گەلی کورد بکات، ئەگەریش بیکەن ئەوەندە کەمن کە مرۆڤ پێی شەرمە ژمارەکانیان بنووسێ، باشترین و ڕۆشنترین و ساغترین و خاوێنترین ڕووناکبیرەکانیان هەر خەمی ئەوەیانە کە ( شمال الحبيب) وکەیان لەدەست نەچێ ، لای ئەوان فیدراڵیی و ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووس و...هتد هەمووی یانی تابوو ، تابوویەک کە نەبووەونابێ قسەی لەسەر بکرێ. هەر لێرەشەوەیە ئەو ڕاستییە مێژووییە دووپات و سەد پات دەبێتەوە ،کە گەلی کورد لە عێراقی بێ مانادا هیچ کاتێ پارچەیەک نییە لە عێراق و عێراقییەکانیش، کورد بە عێراقیی نازانن و نەیانزانیوە، جا چ بەعسییەکانی دوێنێ بن ،یان شیعەکانی ئەمڕۆو سوننەکانی ناوەڕاستی عێراق . ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەڕینانە ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەیان سەلماندەوە ، من و تۆی

بەناو کوردی عێراقیی بەشێکین لە کوردستانێکی داگیرکراو کە جوگرافیاکەی و کەلتوورەکەی و ڕەهەندە سیاسییەکەی و ....هتد جیاوازە لەگەلانی سەردەستی ولاتە داگیرکارەکان. ئەو سەردەمە بەسەر چوو ئینێرژی گەلی کوردو قوربانییەکانی گەلی کورد بخرێتە خزمەتی دیواری بێ بناغەی یەکێتیی عێراق و ولاتە داگیرکارەکانی ترەوە.هاوکات هەرلێرەشدا ناکرێ ڕێزی ئەو کەسە شەریفانە نەگری لە نەتەوە سەردەستەکاندا کە خۆیان و قەڵەمەکانیان لە خزمەتی دۆزی ڕەوای کورددان و لە سەرکردە سیاسییەکانی ئێمە ویژدان دروستتر و بوێرترن، بەلام جێی داخە ئەوەندە کەمن کە خورووی پشتی خۆیان پێ دانامرکێتەوە نەک هی گەلی کورد .